# "ڕۆژگارێکی خۆش "

شوان محەمەد

تەوژمی ڕۆژگارێک دەمبا
ڕۆژگارێکی خۆش لەگەڵ خۆیدا دەمبا
من لە نێوان گوڕی ئەم هەنگاوانەدا
لە تەپەی ئەم پێیانەدا
بەرزدەبمەوەو دەکەومەوەو خولدەخۆم.
وەک کرمێکی نایاب،
بەرەو وادەی ئاوڕینگی سەرگەڵای تووترِکێک .
کە پرسیارە قورسەکانی سروشتی تیا بخوێنمەوە .
بەسەر ڕێیەکی کوتراودا دەپەڕمەوە.
تەوژمی ڕۆژگارێکی خۆش دێت و دەمبا
ڕۆژگارێکی خۆش لەگەڵ خۆیدا دەمبا
گرمۆڵە لەناو هێلکەشەیتانۆکەدا
بەرزدەبمەوەو دەکەومەوەو خولدەخۆم.

تەوژمی ڕۆژگارێکی خۆش دەمشێلێ
ڕۆژگارێکی خۆش بەسەرمدا تێدەپەڕێ و دەمشێلێ
وەک قرژاڵێک بەکاوەخۆ
بەسەر بەردەبازێکەوە دەمەوێت بە ڕوبار بڵێم
{دزبوون ئەو فەیلەسوفانەی
لەیەکەم لاپەڕەی کتێبەکانیاندا، سوپاسیان بۆ تۆ نەنوسی }
تەوژمی ڕۆژگارێک دێت و دەمشێلێ
ڕۆژگارێکی خۆش دەمشێلێ
وەک قرژاڵێکی شێواو
بەدەم تەوژمی ڕۆژگارێکی خۆشەوە
ئاو دەمبات و نوقم دەبم ودێمەوە سەرو خولدەخۆم.

تەوژمی ڕۆژگارێکی خۆش دەمپێکێ
ڕۆژگارێکی خۆش دەمپێکێ
وەک قەلەڕەشێکی خۆش خوان
لە خولی فڕینێکی هێلکەییدا
بەنیازم لێدانی دڵی گەردوون بژمێرم.
تەوژمی ڕۆژگارێکی خۆش دێت دەمپێکێ
ڕۆژگارێکی دەم بەپێکەنین دەمپێکێ
لەم واڵاییە فراوانەدا
بەردەبمەوەو باڵلێکدەدەم و خولدەخۆم.

تەوژمی ڕۆژگارێکی خۆش جێمدێڵێ
ڕۆژگارێکی خۆش جێمدێڵێ
وەک دواترین نەوەی مرۆڤ
بەسەر تەنیایی خۆمدا دەچەمێمەوە.
ڕۆژگارێک لە شوراکانی خۆیدا جێمدێڵێ
بەڕاستوجەپدا هەڵدێم و دەربازنابم و خۆلدەخۆم.

نەرویج ٩-٣-٢٠٠٣